Institute for Research and Development-Kurdistan (IRDK)
ئەنستیتۆی توێژینەوە و گەشەپێدان ـ کوردستان

رِاپۆرتی سیاسی

سێپتەمبەر
2013

# دەرهاویشتە و تەنگژەکانی دوای هەڵبژاردن چۆن رێبەری دەکرێن؟

تایبەتمەندی زۆر دیاری هەڵبژاردنی ئەمجارەی کوردستان, ئەو گۆڕانکارییەیە کە لە مەزاجی دەنگدەر و هەڵوێستی کۆمەڵگادا بیندرا, هاووڵاتیان لەکاتی دەنگداندا هەنگاوێکیان بەرەوپێشەوە هاویشت لە هەڵوێستە کردن و گۆڕینی بیروڕای خۆیان لەسەرِ ئەو لیستانەی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا دانگیان پێدەدا. ئەوە بە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی سیاسی دادەندرێ و نیشانەی جووڵانی چینی ناوەڕاستە کە هەمیشە گۆڕان لە شەعبیەتی حزبەکاندا دروست دەکات.

info@irdk.org
+964 66 257 6001
Italian Village, Villa No. 8
Erbil Iraq
www.irdk.org

POLITICAL

# دەرهاویشتە و تەنگژەکانی دوای هەڵبژاردن چۆن ڕێبەری دەکرێن؟

ئەنستیتۆی تۆێژینەوە و گەشەپێدان ـ کوردستان (IRDK)
2013/9/28

تایبەتمەندی زۆر دیاری هەڵبژاردنی ئەمجارەی کوردستان, ئەو گۆڕانکارییەیە کە لە مەزاجی دەنگدەر و هەڵوێستی کۆمەڵگادا بیندرا, هاووڵاتیان لەکاتی دەنگداندا هەنگاوێکیان بەرەوپێشەوە هاویشت لە هەڵوێستە کردن و گۆڕینی بیروڕای خۆیان لەسەر ئەو لیستانەی لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا دانگیان پێدەدا. ئەوە بە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی سیاسی دادەندرێ و نیشانەی جووڵانی چینی ناوەڕاستە کە هەمیشە گۆڕان لە شەعبیەتی حزبەکاندا دروست دەکات.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەلانسی سیاسی نێوان حیزبەکانی تێکدا و تەنگژەیەکی سەراسەری لێکەوتەوە.١- پارتی دیموکراتی کوردستان وەک یەکەمێکی مام ناوەندی هاتەوە مەیدان و جموجۆڵێك لە ژمارەی دەنگەکانیدا هەیە بەڵام تا ئێستا زۆر لەو پێگەیەوە دوورە کە بتوانێ بە تەنیا کابینە پێکبێنێ. ٢- یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەسەر ئاستی سلێمانی و ناوچەیی و سەرانسەری کوردستان دۆڕاندی, خاوەنی دەستەڵاتی تەواوی ناوچەی سلێمانییە و ئێستا کە دۆڕاندویەتی مەکتەبی سیاسییەکەی وەك حکوومەتێك لەناو حکوومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ ئەو ترسە کە دەکەوێتە سەر دەستەڵاتەکەیان کرد. ٣- بزوتنەوەی گۆڕان وەك حزبی یەکەم لە هەمان ناوچە هاتە پێشەوە. لە شارەکانی دیکەیشدا جموجۆڵێك لە ژمارەی دەنگەکانیدا هەیە. ٤-یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی (حزبە ئیسلامیەکان), توانیان ژمارەی کورسیەکانیان زیاد بکەن بەڵام دەنگەکانیان کەمبووەتەوە, هەرچەند جیاوازیەك هەیە لەنێوان کەمبوونەوەی ژمارەی دەنگدەر لەسەر ئاستی کوردستان لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی کورسیەکان, کە ئەمەش پەیوەندی بە سیستەمی هەڵبژاردنەوە هەیە.

ئەو تەنگژەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە تەنگژەیەکی ئیجابیە, واتە پۆزەتیڤە چونکە کۆمەڵگەی سیاسی و خواستی دەنگدەر پاڵی بە هەیکەلی سیاسی شۆڕشگێڕانەی کوردستانەوە ناوە تا جۆرێك لە سەرەتاکانی بە دامەزراوەیی کردن یان بە موئەسەساتی بوونی ژیانی سیاسی بسەپێنێ.

**بزووتنەوەی گۆڕان:**

سیاسەتی نوێی گۆڕان بریتیە لە خشین بەرەو بەدەستەوەگرتنی دامودەزگای دەسەڵات لە ناوچەی سلێمانی وەك هەنگاوی یەکەم, دوای ئەوە هەوڵدەدات هەمان سیاسیەت بگوازێتەوە بۆ هەولێر. بە پێی بیروڕای کەسانی نزیك لە نەوشیروان مستەفا دەستبەسەراگرتنی دامو دەزگای حکوومەت لە ناوچەی سلێمانی کارێکی زەحمەت نییە, لەناو هێزەکانی چەکداردا تەنیا دەزگای دژە تیرۆر بە بەربەستی خۆیان دەزانن, ئەگینا پێیانوایە لە هێزی پێشمەرگە و پۆلیسدا دەتوانێ بە ماوەیەکی کەم گۆڕانکاری بە ئیتیجاهی دەستبەسەراگرتنی دەستەڵات لەناوچەی سلێمانی دروست بکات. بزووتنەوەی گۆڕان پرۆگرامێکی سەرتاسەری و تۆکمەی بۆ بەڕێوەبردنی حکوومەت و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری نییە، تا

ئێستاش دەیەوێ زۆرترین خەڵك لەدەوری خۆی كۆبكاتەوە بە مەبەستی وەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ, بەڵام لەكاتی هەوڵدان بۆ بەدەستەوەگرتنی دەستەڵاتی قانوونی، لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیایەكی توندڕەوانە دەرنەچووە, بۆیە دەبێ گفتوگۆكردن لەگەڵیدا دەستپێبكرێ و بخرێتە بەردەمی واقیعبینیەتی سیاسی, بەو مانایە كە لەمەودوا دەیانەوێ بێنە حكوومەت یان دەورێكی دیكە لە پەرلەماندا بگێڕن, پێویستە بەرنامەیان ڕوون بێت, نابێ بەرنامەكەیان تەنیا بریتی بێ لە بەڵێن و گوفتدان بە مەبەستی هەڵخەڵەتاندنی بەرانبەر. دەكرێ زۆر بە ئاسانی پرۆگرامی ڕاگەیەندراوی بزوتنەوەی گۆڕان بخرێتە بەر ڕەخنە، بە گفتوگۆی ورد و تەرجەمەكردنی بۆ واقیعی عەمەلی ناچار بكرێن كە ئەو پرۆگرامە جارێكی دی دابڕێژنەوە، لەسەر بنەمای هاوكاری كردن لە حكوومەتی هەرێمی كوردستاندا وەكو بەشێك لە حكوومەت نەك وەك بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنی ناو حكوومەت كە بیانەوێ دامودەزگا حكوومەتییەكانی كە ئەوان بەڕێوەیدەبەن لە دژی پارتی دیموكراتی كوردستان یان یەكێتی نیشتمانی كوردستان یان لە دژی حكوومەتی هەرێمی كوردستان بەكاربێنن.

گۆڕان لە شیعاری سلێمانچییەتی دوور نەكەوتۆتەوە, بۆیە ناكرێ بزووتنەوەیەک كە ئێستا بوو بە حزبی دووەم بە پشووی ناوچەگەرێتی بیەوێ بەشداری لە حكوومەتێكی نیشتمانیدا بكات. بزووتنەوەی گۆڕان لەژێر فشاری لە دەرەوەبوونی حكوومەتدایە, كە بریتییە لە فشاری بەرژەوەندی كادیر و لێپرسراوەكانیان.

بزووتنەوەی گۆڕان لە كەشێكی پڕ لە حەساسیەت بەرانبەر بە سەرۆكی هەرێمی كوردستان و حكوومەتی هەرێمی كوردستاندا دەژیەت, یەكێك لە نزیكەكانی نەوشیروان مستەفا پێیوایە: نەوشیروان كەسێكی شیاو نییە بۆ ئەوەی دۆسیەی گفتوگۆكردن لەگەڵ حكوومەت و پارتی دیموكراتی كوردستانی لەدەستدا بێت, بەڵكو پێویستە لیژنەیەك لەناو سەركردایەتی گۆڕان پێكبێت و ئەركی گفتوگۆ و تەفاهوم بە ئەستۆ بگرێ. چاودێرانی ئەو بزووتنەوەیە پێیانوایە ئەم حەساسیەتە لەلایەی بەڕێز مەسعود بارزانیش هەیە, بۆیە بۆ هەمان مەبەست بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بە موناسبتر بۆ گفتوگۆ و لێكحاڵیبوون لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان دەزانن.

گواستنەوەی دەستەڵات كە شیعاری گۆڕانە, میكانیزمێكی ڕوونیان نییە و خۆشیان سەریان لێدەرناچێ, تەنیا ئەوە نەبێت بە شێوەیەكی پۆپۆلیستی پشتیان بەو بردنەوەیە بەستووە كە لە ناوچەی سلێمانیدا بەدەستیانهێناوە, هەروەها كار لەسەر پتر لێكتر هەڵوەشاندنی یەكێتی نیشتمانی كوردستان دەكەن و پێیانوایە لەو ڕێگەیەوە دەتوانن پارتی دیموكراتی كوردستان بخەنە ژێر فشارێكی زۆر و سەرەنجام تەسلیمی بەشێك لە خواستەكانیان بێت.

**سەبارەت بە یەكێتی نیشتمانی كوردستان:**

یەكێتی نیشتمانی كوردستان دوای ئەو دۆڕانەی, لە غیابی مام جەلالدا سەركردایەتییەكی لاواز هەیە و پەنجەی گەندەڵیان بۆ درێژ دەكرێ. ئەمە قسەی كادیرە پێشكەوتووەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستانە, ئەوانە پێیانوایە ئێستا ئەندامانی مەكتەبی سیاسی و خانەوادەی مام جەلال بە پشتیوانی هێزەكانی ئاسایش و دژە تیرۆر دەستیان بەسەر یەكێتی نیشتمانی كوردستان و ئیدارەی سلێمانیدا گرتووە, لە كاتێكدا هەردوو جێگرەكەی سكرتێری گشتی؛ كۆسرەت ڕەسوڵ و بەرهەم ساڵح ڕۆژ بە ڕۆژ كەسایەتیان و دەوریان لە ناوچەی سلێمانی لاوازتر دەبێت. لەو ناوچەیەدا حەساسیەتێكی زۆر بەرانبەر بە مەكتەبی سیاسی هەیە, ئەو ڕایە بڵاوە كە وادەزانێ چونكە زۆربەیان خەڵكی دەرەوەی سلێمانین، ناتوانن بەرژەوەندییەكانی "شار" تێبگەن و بیپارێزن.

پێویستە یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەوە دڵنیا بکرێ کە دۆڕاندن لە هەڵبژاردندا بە مانای لەدەستدانی هەموو بەرژەوەندییەکانیان نیە و ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی سلێمانیان لێناستێندرێتەوە.

یەکێتی لەبەردەم هەڕەشەی زیادبوونی هەژموونی نەوشیروان مستەفایە, نەوشیروان دوای مام جەلال بەشێوەیەکی خێرا کاریگەری کەسایەتییەکەی لەسەر ناوچەی سلێمانی زیاتر بووە, بەشێکی زۆری جەماوەر پێشووی یەکێتی بە سەرکردەی ناوچەکە ناوی دەبەن. لاوازی خانەوادەی مام جەلال هەر لە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدەوە بگرە تا هەردوو کوڕەکانی، کارێکی وای کردووە کە تەنیا لەسەر ئیعتباری مام جەلال بژین, پشتیان بەو دەستەڵات و پارەیە بەستووە کە لە دەستیان دایە, بەڵام لەکاتی چارەسەرکردنی کێشەکاندا دەستەوستانیان پێوە دیارە. کادیرە سەرەکیەکانی یەکێتی بیر لە مێژووی خۆیان دەکەنەوە, بەشێکی هەرە زۆریان پێیانوایە ئەو مێژووە گواستراوەتەوە بۆ لای نەوشیروان مستەفا.

پێدەچێ هەر ئەوەش بوبێتە فشارێك کە مەکتەبی سیاسی یەکێتی نەتوانێ ڕاستەوخۆ دەست بەسەر سندووقەکانی هەڵبژاردندا بگرێ و تەزویر بکات.

ئەگەر یەکێتی تووشی لەت بوون نەبێت, ئەوا دەکرێ ئەو پرۆگرامەی کە حکوومەت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ گۆڕان و ئیسلامیەکان دایدەڕێژێ، سەرکەوتنێکی زۆر بەدەست بێنێ, بەڵام ئەگەر هەر کەرتبوونێك لەناو یەکێتی نیشتمانی ڕوو بدات, چ ژمارەیەکی زۆری یەکێتی بە کۆمەڵ بچنە ناو بزوتنەوەی گۆڕان, یان بەشێك لە سەرکردایەتی ئێستای لە حزبەکە جیابێتەوە، (بۆ ئەوە باسی بەرهەم ساڵح دەکرێ) ئەوا لەم حاڵەتەدا پشێوی لەناو سلێمانی زیاد دەبێت, تەماحی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ڕۆیشتن لەسەر بێبەرنامەیی زیاتر دەکات.

پێویستە هەردوو حزبی ئیسلامی(یەکگرتی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی) لە حکوومەتدا بەشداری پێبکرێن, بەڵام بۆ گفتوگۆکردن پێویستە پرۆژەیەکی دیاری کراو هەبێت, ئیسلامیەکان ئایدیۆلۆژیای تایبەتی خۆیان هەیە, جیاوازیەکی زۆر لەنێوان ئەوان و بزووتنەوەی گۆڕاندا هەیە. تا ئێستا یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامی خاوەنی هیچ پرۆژەیەکی حکوومەت بەڕێوەبردن و هیچ پرۆژەیەکی ئابووری و پیشەسازی نین, زیاتر گرنگی بە لایەنی فەرهەنگی وڵات دەدەن کە ئەویش بەشێوەیەکی محافیزەکارانەیە و بەردەوام لەژێر فشاری ڕەخنەلێگرتندان.

**بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان:**

پارتی دیموکراتی کوردستان لەم هەڵبژاردنەدا وەك حیزبی یەکەم هاتەوە بەڵام نابێ کە بە سەهو بچێ چونکە سەرکەوتنێکی زۆر گەورەی بەدەستنەهێناوە, ئەو دۆخەی کە پارتی تێیدا بوو جیای دەکاتەوە لە هەموو حزبەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان؛ لەناو پارتیدا یەکگرتوویەکی تەواو هەیە, لە چوار ساڵی ڕابردوو زۆر بە خێرایی توانی کێشەکانی ناوخۆی کەمکاتەوە و سەرەنجام یەکگرتوویەکی باش لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا لەخۆیدا نیشان بدات, ئەوە جیا لەوەی لە کابینە یەك لە دوای یەکەکانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پێشکەوتنی بەرچاوی ئابووری لە کوردستان دەبیندرێ, ئەو پێشکەوتنە ئابووریە سەرباری ئەوەی ڕەخنەی زۆر هەڵدەگرێت, پێویستە چاکسازی تێدا بکرێت, بەڵام کاریگەریەکی زۆری بەسەر ژیانی خەڵکەوە هەیە, واقیعی هەردوو پارێزگای هەلێر و دهۆکی لە بەشەکەی تری کوردستان جیاکردۆتەوە ئەویش بەو سیمای پێشکەوتنی بەردەوامیەتی.

پارتی کاتێك دەتوانێ ببێتە حزبی براوە کە بتوانێ بڕیار لە چارەنووسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بدات، ئەویش پێویستە لە سەروەی سەدا پەنجای دەنگەکان بەدەست بێنێت, ئەو بەدەست هێنانەشی بریتی

بێت لە زیادکردنی نفوزی لە ناوچەی سلێمانی. پارتی بۆ ئەو مەبەستە پێویستی بە بەخۆداچونەوەیەکی فراوان بە پڕۆگرامی حکوومەت لە بەڕێوە بردن و ڕوانگای خۆی بۆ تەنزیمی کۆمەڵایەتی هەیە.

پارتی دیموکراتی کوردستان پلە یەکەمێکی لاواز و پڕ لە کێشەیە, حیزبێکە دەنگەکانی خۆی نەدۆڕاندووە بەڵام زۆر زیادیشی بەدەست نەهێناوە, حزبێك بە تەنیا ناتوانێ حکوومەت دروست بکات, نفوزی تەنیا لە ناوچەیەکدایە, بەدوور نییە لە کەموکوڕی و گەندەڵی و مەحسوبیەت. بۆیە تەنیا ئیمتیازێك کە ئەم هەڵبژاردنە بۆ پارتی دیموکراتی کوردستانی هێناوە ئەوەیە کە دەتوانێ سەرۆکی پێکهێنانی حکوومەتێکی هاوپەیمانی نیشتمانی بێت, لە هەمان کاتدا پێشەکی بڕیاری حیزبەکانیش هەیە بۆ ئەوەی بێنە ناو حکوومەت, کەواتە دروست کردنی حکوومەتی هاوپەیمانی نیشتمانی کارێکی زەحمەت نییە, بۆیە دەکرێ پارتی بیکاتە بە شیعاری سەرەکی خۆی. تەنیا ئەو کابینەیە کە دەتوانێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکگرتوویدا بێڵێتەوە و دوو ئیدارەیی لەناو حکوومەتدا بەرەو کەمبوونەوە بەرێت.

ئەگەر بیر لە حکوومەتی هاوپەیمانی نیشتمانی بە بێ بزووتنەوەی گۆڕان بکرێتەوە مانای ئەوەی ناوچەی سلێمانی لە حکوومەتی داهاتوودا زیاتر لە ئۆپۆزیسیۆنیدا بمێننەوە نەك لە هاوکاریکردندا, حکوومەتێك بەردەوام خەریکی کێشە دەبێت, بۆیە وێڕای ئیسلامیەکان پێویستە بزوتنەوەی گۆڕانیش بگرێتەوە.

هەبوونی هەموو حیزبەکان لەناو کابینەدا یەکپارچەیی و بەهێزی حکوومەتی کوردستان دەپارێزێت, بۆیە پێویستە پارتی حکوومەتی هاوپەیمانی نیشتمانی لەم قۆناغەدا بکات بە شیعارێك کە تا ئاستی ئاسایشی نەتەوەیی گرنگی پێ بدەن. ئەوەش هەرێمی کوردستان لە ناوچەکەدا لە پێگەی خۆی دەهێڵێتەوە و کاردەکاتە سەر داهاتووی هەرێم لەگەڵ دەوروبەر و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانیش لە هەرچوار پارچەدا بەهێزتر دەکات. پارتی دەکرێ خاوەنی ئەو پرۆژە سیاسیە بەردەوام بێت.

پێویستە پارتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بن باڵی یەکێتی بگرن و پشتیوانی بکەن, بە تەنیا بەجێیان نەهێڵن, چونکە هەر تەنیاییەک دەبێتە مایەی ڕوخانیان و پەنابردن بۆ توندوتیژی و تێکچونی باری سلێمانی و سەرەنجام لێکترازانی یەکگرتوویی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەگەر هەر کەرتبوونێك لەناو یەکێتی نیشتمانی ڕوو بدات, چ ژمارەیەکی زۆری یەکێتی بە کۆمەڵ بچنە ناو بزوتنەوەی گۆڕان, یان بەشێك لە سەرکردایەتی ئێستای لە حزبەکە جیابێتەوە، (بۆ ئەوە باسی بەرهەم ساڵح دەکرێ) ئەوا لەم حاڵەتەدا پشێوی لەناو سلێمانی زیاد دەبێت, تەماحی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ڕۆیشتن لەسەر بێبەرنامەیی زیاتر دەکات.

بە گفتوگۆیەکی بەردەوام و هەبوونی بەرنامەیەکی دیاریکراو هەوڵبدرێ گۆڕان ئەگەر بیەوێ بێتە پێگەیەکی نوێ بۆ ناو حکوومەت, هێمنی دەخاتە ناو کوردستان و دەستەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر دەکات. ئەوان پێیانوایە وەزارەتەکان و ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە لە حکوومەت وەریدەگرن، بەکاری دێنن بۆ فشارخستنە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان, واتە حکوومەت دەکەنە بانگەشەیەك بۆ زیاتر دەنگهێنان لە هەڵبژاردنی داهاتوو.

پێویستە لە گفتوگۆکردن لەگەڵ گۆڕاندا ئەو خاڵە تەفاهومی هاوبەشی لەسەر هەبێت کە لەمەودوا لە جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەیدات سەرۆکی حکوومەت دەستەڵاتی بەسەر هەموو ناوچەکاندا بڕوات.

پێویستە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەنی پارتییەوە بایەخی یەکەمی ناوچەی سلێمانی بێت, ئەوەش دەکرێ ئەو حەساسیەتە کەمبکاتەوە کە لەلای خەڵکی سلێمانی دروست بووە و گۆڕان و یەکێتی

بەکاریدێنن کە گوایە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی تەنیا مەبەستیان گەشەپێدانی ناوچەی هەولێر و دهۆکە. لەو ڕووەوە بە ئاشکرا گلەیی لە هەموو توێژەکانی ناوچەی سلێمانی دەبیسترێ.

**سیناریۆکان:**

**ئەگەرەکانی هەندێک سیناریۆ:**

١-حکوومەتی دووانەی یەکێتی -پارتی هیچ ئایندەیەکی نابێ, و ڕادەی تەنگوچەڵەمەکانی لە چوار ساڵی ڕابردودا زۆرتر دەبن, و کەشی سیاسی و سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بۆ ئەو جۆرە حکوومەتە بە شێوەیەکە هاوکار نییە.

٢-دروستکردنی حکوومەتێك لە پارتی و یەکێتی و ئیسلامیەکان و حیزبە بچووکەکان بە بێ بزوتنەوەی گۆڕان، دیسان وڵات لە تەنگو چەڵەمەدا دێڵێتەوە.

٣-سیناریۆیەکی تر هەیە ئەدی ئەگەر یەکێتی نیشتمانی وەك خۆیان دەڵێن ببن بە ئۆپۆزیسیۆن؟ لە ڕاستیدا ئەمە زۆر ترسناکە, دەبێ پارتی بۆ ئەوەیان کار بکات تا ڕوونەدات, چونکە ئەگەر مەکتەبی سیاسی یەکێتی بیەوێ خۆی لەو شکستەیان کەوا توشی هاتووە دەرباز بکات، ئەوەیە ببێتە ئۆپۆزیسیۆن. لەو حاڵەتەدا بە کردەوە دوو ئیدارەیی لە کوردستان دروست دەبێتەوە, ئەوانیش بە شێوەیەکی موتڵەق دەستیان دەکرێتەوە تا زەبروزەنگ لەناوچەی سلێمانیدا بەکاربێنن و دەستیان لە دامودەزگاکانی نەوتی و داهاتی هەرێم لەو ناوچەیە دەکرێتەوە و لەوانەیە ڕووداوێك بێت کە دوایی پێشگرتنی ئاسان نەبێت, بەتایبەتی ئەگەر ناوچەی سلێمانی لە هەرێمی کوردستان دابڕن و بۆ دابینکردنی ئەمنیەتی کۆمپانیاکانی نەوت لەو ناوچەیەدا، لێپرسراوانی یەکێتی و دامودەزگە ئەمنیەکانیان لەوانەیە تەقلیدێکی نزیك لە خێڵ و مافیای ئەفریقی بۆ هاوکاری کردنی کۆمپانیاکانی نەوت دروست بکەن, بۆیە دەبێ لە ڕوانگەی پارتی بۆ دروستکردنی کابینەی نوێ، ئەو لایەنە بە جدی وەربگیرێ.

٤-لە سیناریۆیەکی دیکەدا پارتی دیموکراتی کوردستان ناتوانێ بە تەنیا کابینە پێکبێنێ, تەنانەت ئەگەر ژمارەی کورسیەکانی لە زۆرینەی موتڵەقیش تێپەڕێ, چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا پارتی لە ناوچەی دهۆك و هەولێر قەتیس دراوە. بۆیە دەبێ بە هەموو شێوەیەك هەوڵ بدرێ پرۆسەی گفتوگۆ و لێکتێگەیشتن دەست پێبکات, هەر حزبە بە تەنیا فایلی بۆ بکرێتەوە. وە پێشنیاری باش ئەوەیە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی خۆی سەرپەرشتی هەموو فایلەکان بکات, چونکە بە کەسایەتی حکوومەتمەداری پڕ تەفاهوم ناودەبردرێت, هەموو لایەنەکانیش ئامادەنە گوێ لە قسەی بگرن و هیچ حەساسیەتێکی بەرانبەر نەماوە.

حکوومەتی هاوپەیمانی نیشتمانی لە دوو بواردا قازانجی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە: یەك/ لە ناوچەی هەولێر و دهۆکدا پارتی زۆرینەی بەدەستهێناوە و سەرکەوتنەکەشی لەوێیە بەڵام ئەوە بەومانایە نییە کە زۆرینەی موتڵەقی دەنگەکانی بەدەست هێناوە, یان خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆر ڕازیبن. بە پێچەوانەوە بە ئاشکرا هەست بە ناڕەزایەتی خەڵك دەکرێ و بۆ ئەوەی شیرازەی ناوچەکە تێکنەچێت خەڵکی ئەم دوو ناوچەیە دەنگیان بە پارتی داوەتەوە, ئەوە ئەگەر لایەنی مێژوویی پارتی لەبەرچاو نەگرین چونکە ڕابردووی سیاسی و مێژوویی و شۆڕشگێڕیەتی ڕۆژ بە ڕۆژ کاڵتر دەبێتەوە, بۆیە خەڵك وەك بڵێی نان بە نرخی ڕۆژ دەکرن.

لە سیستەمی سەرۆکایەتیدا پارتی سەرکەوتنێکی زۆری بەدەست نەهێناوە, بەردەوام بەشێك لە /دووەم کێشەکانی سیاسی کوردستان پەیوەندی بە سیستەمی سەرۆکایەتی واتە بە دامودەزگا و میکانیزمی

سەرۆکایەتییەوە هەبووە. ئەگەر لێرەدا مەبەستی خۆمان لەوە دوورخەینەوە کە ئایا سەرۆکایەتییەکە پەرلەمانی دەبێت یان بەشێوەی ئێستا, پارتی مەجبور دەبێت بە جدی پەنا بەرێ بۆ خەڵکانی لێهاتوو و بیانخاتە ناو دامودەزگای حکوومەتەوە, نەك وەك جاران خەریکی ڕازیکردن و پاداشتدانەوەی کادیرەکانی خۆی بێت.

سێیەم/ دۆڕاندنی یەکێتی لە ناوچەی سلێمانی نیشانیدا کە هەبوونی دەستەڵات بە تەنیا زەمانەت نییە بۆ دەرچوون لە هەڵبژاردنەکان و بەدەست هێنانی متمانەی خەڵك. پارتی لەو ڕووەوە پێویستە دیراسەی واقیعی خۆی بکاتەوە و پاوانخوازی لە ناوچەی نفوزی خۆیدا کەم بکاتەوە, بەشداری بە حزبەکان و کەسایەتییەکانی دیکە بکات و هەوڵ بدات وەك پێشوو تووشی لەخۆبایی بوون نەبێت, غرور و لەخۆبایی بوون زەربەیەکی زۆر بە بەرنامەی پارتی بۆ گفتوگۆ و درووست کردنی کابینەی نوێ دەگەیەنێ. ئەگەر پارتی ئەم بەندانەی سەرەوەی نەبێت ناتوانێ تەبایی سیاسی بپارێزێ, بەمەش ئاسایشی نەتەوەیی دەکەوێتە مەترسیەوە.